پارتی بایکۆتکردنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی ڕاگەیاند

مەکتەبی سیاسی پارتی ڕایگەیاند، بە بەرژەوەندی گەل و نیشتمانپارێزانی کە پارتیمان نەچێتە ژێر باری پەسەند کردنی بریاری نادەستوریی و سیستەمێکی سەپێنراو لە دەرەوەی ئیرادەی گەلی هەرێمی کوردستان و دامەزراوە دەستوریەکانی و بەشداری هەڵبژاردنێک نەکات کە بە نایاسایی و نادەستوری و لەسایەی سیستەمیکی سەپێنراودا بەڕێوەبچێت.

ئەمە دووشەممە، مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان کەبووەوە و تێیدا بڕیاری بایکۆتکردنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی ڕاگەیاند کە بڕیارە ڕۆژی 10ی حوزەیرانی داهاتوو بەڕێوەبچێت.

مەکتەبی سیاسی ڕایگەیاند، "لەسەنگەی تێگەیشتنمان لە پێگە و بەرپرسیارێتی مێژوویمان لە پاراستنی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان و سیستەمی دیموکراسی و فیدراڵی عێراق، هەروەها ڕەوایی نەدان بە هەڵبژاردنێکی نا دەستوری و نا دیموکراسی، و وەستانەوە لە بەرامبەر سەرجەم ئەو پێشێلکاریانەی دەستور کە لەلایەن دادگای باڵای فیدراڵییەوە بەرامبەر هەرێمی کوردستان و دامەزراوە دەستوریەکانی ئەنجام دەدرێت بەگشتی، و سەپاندنی هەموارە نادەستوریەکانی یاسای هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان بەتایبەتی، بە بەرژەوەندی گەل و نیشتمانپارێزانی کە پارتیمان نەچێتە ژێر باری پەسەند کردنی بریاری نادەستوریی و سیستەمێکی سەپێنراو لە دەرەوەی ئیرادەی گەلی

هەرەمی کوردستان و دامەزراوە دەستوریەکانی و بەشداری هەڵبژاردنەک نەکات کە بە نایاسایی و نادەستوری و لەسایەی سیستەمیکی سەپێنراودا بەڕێوەبچێت".

دەقی بەیاننامەکەی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان

جەماوەری بەڕێزی کوردستان و عێراقئاشکرایە پارتی هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە، خەباتی کردووە بە وەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان و چەسپاندنی دیموکراسیەت، وەك دوو ئامانجی لێیەکدی دانەبڕاو، لەو باوەڕەوە کە تەنها لەڕێگەی بەدیموکراسی کردنی سیستەمی حوکمانی عێراقەوە مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان دەندەی. لەو سەنگەیەشەوە جەنابی سەرۆك بارزانی، لەیەکەمین ڕۆژەکانی ڕاپەڕینی بەهاری 1991دا، بە بەرجەستە کردنی دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان و پاراستنیان و پیادەکردنیان بەشێوەیەکی دروست، بانگەشەی بە ئەنجامدانی (هەڵبژاردنەکی ئازاد) وەك بنەمای دامەزراندنی حوکمانیەکی دیموکراسی لەهەرەمدا کرد، هەر بەیەش هەمیشە پارتیمان داکۆکیکار بووە لە فەراهەم کردنی بنەماو پێوەرەکانی هەڵبژاردنەکی ئازاد و بەگەرد کە خەیان دەبیننەوە، لانی کەم، لە بوونی یاسایەکی هەڵبژاردنی دادپەروەرانە کە گەرەنتی نوێنەرایەتی کردنی سەرجەم چین و توێژ و پێکهاتەکانی گەلی کوردستان لەپەرلەمان بکات و دەرگای دەنگدان و خۆپاڵاوتن بە زەرترین ژمارەی هاووڵاتیان بکاتەوە و کەمترین دەنگ لەنوێنەرایەتی بفیڕۆ بچێت و ڕەنگدانەوەی وویست و ئیرادەی کەمەگا بێت، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە سەرپەرشتیکردن و بەڕێوەبردنی پرۆسەی هەڵبژاردن لەلایەن دەزگایەکی سەربەخۆ و بەلایەن و شارەزا و شەفافەوە لەسەرجەم قەناغەکانیدا، بە مەرجی سەرکی پاك و بەگەردیی پرۆسەکە زانیوە، بەشێوەیەك کە متمانەی دەنگدەر و لایەنە بەشدارەکان بە هەڵبژاردنەکە بپارێزێت و پتەو بکات.

لەسەنگەی هەستکردن بەو ئەرك و بەرپرسیارییەوە بووە کە لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا، بەهەموو شێوەیەك لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانی هەرەمی کوردستان و عێراق کارمان کردووە، تا سەرجەم هەڵبژاردنەکان بە شێوەیەکی دروست و دستوری بەڕێوە بچن بە تایبەتی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان لەکاتی خۆیدا، لەو پێناوشدا بەشدارەکی جیددی بووین لەسەرجەم گفتوگۆ و کۆبوونەوەکانی لایەنە سیاسیەکانی هەرەم و عێراق، بە گەیشتن بە لەکتەگەیشتن و سازان و کەدەنگی لەسەر بابەتەکانی پێیوەست بە یاسای هەڵبژاردن. بەڵام دوای ئەوەی بابەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بردرایە بەردەم دادگای باڵای فیدراڵی، سەرەڕای ئەوەی کەیسەکە، بەبێ پاساو و بە ڕەچاوکردنی مافە دەستوریەکانی گەلی هەرەمی کوردستان لە هەڵبژاردنی دامەزراوەیەکی گرنگی وەك پەرلەمان، ماوەیەکی زۆر دواخرا تا دەرکردنی بڕیاری کۆتایی ژمارە (83 وموحدتیها 131 و 185/اتحادیە/2023) لە ڕۆژی 21ی شوباتی 2024، بەتایبەتیش دوای دەرچوونی پاشخان (حیپیات)ی بریارەکەی دادگا لەسەر یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە وردەکاری زیاتری نادەستوریی بڕامبەر هەرەم تەدایە و درێژەی ئەو زنجیرە بریارە نادەستوریانەیەتی کە لەماوەی چوار ساڵی ڕابردوو بڕامبەر هەرەمی کوردستان داویەتی، لەهەمان کاتدا

ئەوەی تەبینیمان کرد و لەکاتی خەیدا ەای گشتیشمان لە ئاگادار کردەوە، بریتیە لە پشەلکاریە زەق و مەترسیدارەکەی دەستور لە بەیارەکەی دادگای باەای فیدراەیدا بە لەباربردنی سیستەمی دیموکراسی هەرەم، و هەوەکە بە گەاندنەوەی عەراق بە سیستەمی مەرکەزی، کە دەکرەت لەم خاەانەی خوارەوەدا روونیان بکەینەوە:

1) دادگای باەای فیدراەی بە هەموارکردنەوەی جومگە گرنگەکانی یاسای هەبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، لە ماددەکانی پەیوەست بە دیاریکردنی سیستەمی بازنەکانی هەبژاردن و کەتای پەکهاتەکان و ژمارەی کورسیەکان و لایەنی سەرپەرشتیار و لایەنی تایبەتمەند بە یەکلایی کردنەوەی تانەکانی هەبژاردن، سەرەای ئەوەی پشەلی ماددەکانی (117 و 121)ی دەستوری کردووە کە تایبەتن بە گەرەنتی کردنی سەربەخەیی دەسەاتی یاسادانانی هەرەم، لەهەمان کاتدا پشەلکاری زەقی ماددەی (6)ی دەستوریشی کردووە کە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی دەستاودەستکردنی دەسەات بشوازەکی دیموکراسیانە و بەپەی هەوشوەنە دەستوریەکان دەبەت، لەکاتەکدا ئەو هەموارکردنانە دەبەتە هوی شواندنی سیستەمی دیموکراسی.

2) بە نەهەشتنی کورسی کەتای پەکهاتەکان لەیاسای هەبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، یەکەك لە گەرەنتیە سەرەکیەکانی هەبژاردنەکی ئازاد و بەگەرد و هەلی یەکسان و دادپەروەرانە لەهەرەمدا پشەلکرا، چونکە سەرەای ئەوەی کە ئەوە پشەلکردنی وویست و ئیرادەی هاووەاتیانی هەرەمە لەمامەەکردن لەگەە بابەتەکی هەستیاری وەك پەکەوە ژیان و یەکتر قەبوەکردندا، کە بووەتە ناسنامەی سەقامگیری و ئاشتەوایی کەمەایەتی هەرەم، لەلایەکی دیکەشەوە ناکەکە لەگەە ماددەکانی (٤٩/ بەگەی یەکەم) و (125)ی دەستور و یاسای هەبژاردنی ئەنجومەنی نوەنەران و ئەنجومەنی پارەزگاکانی عەراق و ماددەکانی (2) و (25) لە پەیمانی نوودەەتی مافە مەدەنی و سیاسیەکان (ICCPR)، کە عەراق لە ساەی 1971 پەسندی کردووە و پەوەی پابەندە، کە هەموویان جەخت دەکەنەوە لەسەر ەچاوکردنی نوەنەرایەتیکردنی هەموو پەکهاتەکانی گەل لە ئەنجومەنە هەبژەردراوەکاندا و بەشداریکردنیان لە بەەوەبردنی کاروباری گشتیدا.

3) دوورخستنەوەی دەسەاتی دادوەریی هەرەمی کوردستان لە یەکلایی کردنەوەی تانەکانی پەیوەست بە پرسەی هەبژاردنەوە، کە لە ماددەی (شەشەم دووبارە/ بەگەی چوارەەـ)ـی یاسای هەبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا دیاریکراوە، و سپاردنی ئەو تایبەتمەندییە بە دەستیەکی دادوەریی سەر بە (مجلس القچاو الاعلی)ی فیدراەی، زەدەییەکی مەترسیدارە لەسەر دەسەاتی دادوەریی هەرەم، چونکە لەلایەك پشەلکردنی سەربەخەیی هەرەمکانە، و لەلایەکی تریشەوە لادانەکی بە پاساوی ئەوپیاد کردنە ئاساییە کە لەمەوپەش لە بەەوەبردنی هەبژاردنەکانی هەرەمدا لەلایەن کەمسیەنی باەای سەربەخەی هەبژاردنەکانی فیدراەییەوە پەیەو دەکرا، بەوەی هەمیشە دەستیەکی دادوەریی لە دادگای پەداچوونەوەی هەرەم تانەکانی تایبەت بە هەبژاردنەکانی یەکلایی دەکردەوە.

4) بڕیارە یەک لە دوای یەکەکانی دادگای باڵای فەدراڵی بوونەتە هۆی پشێلکردنی پرنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، بەشێوەیەك دادگا خۆی خستەتە پێگەی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن، و هەندێك دەسەڵات و تایبەتمەندی بەخۆی داوە کە لە دەستوردا بۆی دیاری نەکراوە. بەتایبەتی ئەو کاتەی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان ژمارە (22)ی ساڵی 2007 ی دەرکرد، بەپشت بەستن بە ماددەی (110)ی دەستور، سەرۆکایەتی نەبوونی هیچ بڕگەیەکی تایبەت بە سامانی نەوتیی لەو ماددەیەدا، لەکاتێکدا لە دەستوردا ماددەی (112) تایبەت کراوە بە سامانی نەوت و گاز، کە بەووونی جێخت لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەو سامانە بەهاوبەشی لەنێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکاندا دەکات. سەرۆکایەتی ئەوەی لە ماددەی (115)دا جێخت لەوە کراوەتەوە کە لەو پرس و بوارانەی دەکەونە چوارچێوەی دەسەڵاتە هاوبەشەکانەوە، هەرێمەکان دەسەڵاتی یاسادانانیان هەیە، لەوەش زیاتر لەکاتی ناکۆکی لەنێوان یاسای فیدراڵی و یاسای هەرێمەکان لەو بوارانەدا، ئەولەویەت بە یاسای هەرێمەکانە.5) جگە لەو پێشلکارییە دەستوریانەی لە بڕیارەکانی دادگای باڵای فەدراڵی بەرامبەر یاسای هەڵبژاردن کراون، چەند ڕەکارێکی دیکەی ناتەندروست گیراونەتەبەر کە کۆی پرسەی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان دەخەنە ژێر پرسیاری جدیەوە، لەوانە بەبەشکردنی نزیکەی (400) هەزار دەنگدەری هەرێمی کوردستان لەدەنگدان، کە دەکاتە 20% کە ئەو دەنگدەرانەی بایەمتریان کردووە، بەبیانوی نەخوێندنەوەی پێنجەمەریان، هەروەها بابەتی نادادپەروەری لە دیارکردنی کورسیەکانی پارێزگای هەڵەبجەدا.

6) دوای رووخانی رژیمی پێشو دەرکەوت کە عەراقی فرەنەتەوە و فرە ئایین و ئاینزا، بەیەك پێکهاتە بە شێوەیەکی دروست بەڕێوە ناچیت، بوێ (هاوبەشی و سازان و هاوسەنگی) بوون بە بنەمای ڕێکوتنی هەموو لایەنە سیاسیەکان بە ئەوەی عەراق بە هەمووان بێت و هاووڵاتی هەست بە بەرپرسیاریەتی بکات، بەڵام بەداخەوە سیاسەتی وێلانان و دەستوەردان و برسیکردن و برینی بودجە و مووچە و هەروەها سیاسەتی جێبەجێکردنی ماددەکانی دەستور بەشێوەی ئینتقائی، کەمەك هەنگاون بە بچوککردنەوەی قەوارەی دەستوریی هەرێمی کوردستان و بوون بە بنەما بە ئیدارەدانی ئەم وڵاتە، سەرەڕای ئەمەش پارتیمان لە هەوە و کوششی خۆی نەوەستا بە ڕاستکردنەوەی ئەم لادان و شێوازی حوکمڕانیە کە پێچەوانەی ڕۆحی دەستورە، بەڵام دەسەڵاتدارانی بەغدا پەرەشییان پیشان نداوە بە ڕاستکردنەوەی ئەو لادانە دەستوریانە.

لە بەرئەنجامی ئەو ڕاستیانەی سەرەوە و پێشلکردنی بەشێک لەماددەکانی دەستور و بەڕێچاوکردنی ئەوەی کە خودی پێکهاتەی ئەستای دادگای باڵای فیدراڵی نادەستوریە و بەردەوام لەبڕیارەکانی پێیوەست بە هەرێمی کوردستان، پێشێلی مافە دەستوریەکانی کردووە و دەیەوێت ئەو دەستکەوتانەی گەلەکەمان کە بە خەبات و تێکۆشان و خوێنی شەهیدەکانمان و ئێنفالکراوان و کیمیابارانکراوان وەدەستی هێناون، بە بڕیاری سیاسی و نادەستوری لە گەلی کوردستانی بستێنێتەوە.

هاووڵاتیانی بەڕێز؛ لەڕێدا لایەنەکانی هاوپەیمانی ئیدارەی دەوڵەت دەخەینە بەردەم بەڕێز پرسیارەتی نیشتمانی لەجەبەجەنەکردنی دەستور و تەواوی خاڵەکانی ڕەکەوتنی سیاسی و ئیداریی پێکهێنانی کابینەی ئێستای حکومەتی عێراق بەسەرکاتی بەڕێز محمد شیاع سودانی، بەپێچەوانەشەوە ناتوانین بەردەوام بین لە پرسی سیاسی دا. هەروەها بە پای گشتی ناوخەیی عێراقی و نەودەوڵەتی رادەگەیەنین، سەرەڕای متمانە بەخەبونمان و بە پشتیوانیی گەلی کوردستان بەوەی کە چەن لە ساڵی 1992 تا ئێستا لەسەرجەم هەڵبژاردنەکاندا زۆرینەی خەڵکی کوردستان متمانەیان بەپارتیمان بەخشیوە، ئێستاش بروامان بەخەمان و گەلەکەمان هەیە کە هەزی یەکەمی کوردستانین، بەڵام لەسەنگی تەگەیشتنمان لە پەگە و بەرپرسیارەتی مەژوویمان لە پاراستنی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان و سیستەمی دیموکراسی و فیدراڵی عێراق، هەروەها ڕەوایی نەدان بە هەڵبژاردنەکی نا دەستوری و نا دیموکراسی، و وەستانەوە لە بەرامبەر سەرجەم ئەو پەشەلکاریانەی دەستور کە لەلایەن دادگای باڵای فیدراڵییەوە بەرامبەر هەرەمی کوردستان و دامەزراوە دەستوریەکانی ئەنجام دەدرێت بەگشتی، و سەپاندنی هەموارە نادەستوریەکانی یاسای هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان بەتایبەتی، بە بەرژەوەندی گەل و نیشتمانەکەمانی دەزانین کە پارتیمان نەچێتە ژێر باری پەسند کردنی بریاری نادەستوریی و سیستەمکی سەپێنراو لە دەرەوەی ئیرادەی گەلی هەرەمی کوردستان و دامەزراوە دەستوریەکانی و بەشداری هەڵبژاردنەک نەکات کە بە نایاسایی و نادەستوری و لەسایەی سیستەمیکی سەپێنراودا بەڕێوەبچێت.

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان

18-3-2024